
کوردستان نێت
KURDISTAN NET

# شیعری هاوچەرخی سوێدی





# ئارتوور لوندکڤیست

## 1906 - 1991

وەرگێڕنی لە سوێدییەوە: رزگار شێخانی
rizgar_shekani@yahoo.se

## سیێلۆ

پیاوێك بەسێلۆوە، مۆسیقاژەنە. لەناوەڕاستی ژووردا دانیشتووەو پێیەکانی داونەتەبەر سێلۆکە. سێلۆکە وەکو ژنێکی جنسی نێکی بەرینە. کەوانەکەی بەسەردادێنیێ و ئەویش پڕبەدڵ لەسینەیدا گۆرانی دەچڕێ _ ئاوازێکی گران و گڕی رەونەقدار. پەنجە سپییەکانی لەسەر ملیدا هەڵدەبەزێ و دادەبەزێ، بەهەنگاوی دڵنیاوە بەسەر ژێییەکاندا دەگەڕێ.

لەمێژە پیاوەکە بە سێلۆوە دانیشتووەو ئاواز دەژەنێ، لەنهۆمی سێیەمی خانووێکدا دانیشتوە، لەدەوروبەریدا خەڵك دەژین. ئاوازەکانی سێلۆکە بەناو دیوارو حەسیردا دەچۆڕێن، بەسەر دڵ و دەروونددا دڵۆپە دەکەن.

پارێزەرێك جنێوێك بەمامەڵەیەکی چەورنەبووی تەڵاقدان دەدا، ژنێکی دووگیان هەستدەکات خوێنی گرانی گۆرانی دەچڕێ، پیاوێکی نەخۆش روو وەردەگێڕێت و

گوێ هەڵدەخا، شتێکی بیر دەکەوێتەوە _ دارتەلەکانی تەلەفۆنی وەبیردێنەوە، کەبەمنداڵی گوێی پێیانەوە دەنا، لەودیوی دواخانووی شاریشدا دەشتاییەکی گەورەبوو، لەدەم رێگاوبانەکانیشەوە گوڵ روابوو، کەلێدەکرانەوە تۆزیاندەدا.

لەشوێنێکی ژوورێکدا لەگەنێکی کریستاڵ داندراوەو بەئاستەم دەجوولێ. ژنێك ئاوی تێدەکات و گوڵی سووری لەناودادەنێ _ دەسکەگوڵێکی گەورەی وەك خوێن سوور. یەکسەر بۆنێکی قورس و مەستکەر بڵاودەکاتەوە. ژنەکە لەبەرخۆیەوە بەگوڵەکان زەردەخەنەیدێ و لەناکاو هەستدەکات دڵی توونی لێدەدا

تیشکێك دەکەوێتە سەر پیاوەکەی بەسێلۆوە، ئەوسا ژێیە لەریوەکان کڵپەدەکەن وەکو ئەوەی ئاگریان گرتبێ.

# چراوگێکی

شووشەشینم بەدەستەوەیە و لەناو پارکێکدا بەڕێوەم کەتێیدا درەختەکان بەقژی رەش و درێژەوە ، وەك ئەوەی لەناو ئاودا روابن دەهەژێن، کۆمەڵێك سەدەفیش گردبوونەتەوە سەریەکدی و لەنێوانی مەرگ و گەرانانەوەدا تەکان دەدەن.

من پێ خواستم و بەفریش دەبارێ، سەعاتێکی دیوارم لەبن باڵم هەڵگرتووە، وەك لەتاگرتندا بەخێرایی لێدەدا، وەلی هەنووکە لەچاڵێکدا بەبەفر دادەپۆشرێ.
کاتێك لەبەر دەروازەیەکی رۆشندا دەوەستم، دەبینم ئەوەی هەڵمگرتووە سۆنەیێکی رەقهەڵاتووە.

بەدەنگی بەرز نووسینێکی سەر دیوار بۆ خەڵك دەخوێنمەوە، بەڵام تادێ تێکستەکە لەبەرچاوان دەتوێتەوەو دەبێ بەدیقەت بەپەنجە بیخوێنمەوە، وەك ئەوەی نووسینی زبربێت، لەوەناچێ کەس هەست بەم سەقەتییەم بکات و کۆتاییەکەش وادەبێت کە شوورەکە وردەوردە دەتوێتەوەو دیمەنێك بەڕووی لووتکەی بەفراویدا دەکرێتەوە.

دێمە ناو ژوورێکی تاریك و دەبینم شتێکی تێدا بخوولێتەوە، وەکو باڵندەیەکی کەمێك رووناك، بەڵام لەنزیکەوە دیارە کە تاڵەمووی خوولاوەی قژی ژنە کە وردە پڕووشك دەیهێنێت و دەیبات و بێوچان هەوڵدەدا لەگۆشەکانەوە رێگایەکی دەربازبوون ببینێتەوە.

هەر من لەناو خەڵکەکەدا رووت و قووتم، بەڵام هەر من دەتوانم بیر لەوە نەکەمەوە، کەس هەستی پێناکات، هەربەڕاست هێندە بەمووم هەموو ئەوشتانە

دەشاردرێنەوە کەپێویستن، وەکو بنچکی چڕوپڕی لەداوی مس دروستکراودا دەدرەوشێتەوە، نا، وادەسوتێ و کڵپەکان بۆسەرەوەی جەستە دەکشێن، دووکەڵەکە رەشەو بەرەو رووخسارم بەرز دەبێتەوە، هەوڵدەدەم بەدەستەکانم بیانکوژێنمەوە بەڵام دەست دەسوتێ، لەجیاتیدا بوێرانە باوەش بەژنێکیاندا دەکەم و تووند دەیگووشم، لەسەرخۆ خۆی لەبەردەستم دەسوڕێنێت و لای پشتی وەکو بەرد ساردەو کاتێ خۆمی بەسەردا دەنووشتێنمەوە، لەپڕ بەسەردەمدا بەسەر پەرژینێکی بەردا کەوتووم و چاوم بڕیوەتە گۆمێکەوە کەتێیدا گەڵاو ماسییەکان خۆ وەردەگێڕنن و لە رەشەوە دەبن بە زیوینی لە هەمان ساتیشدا جێگۆڕکێ دەکەن.

بە ژنێکی نیوە زیندووی بەسەر دەستمدا شۆڕبۆوەوە لە ئاگرەکە دوورکەوتمەوە، لەلێواری شاخدا دەوەستم و لەخوارەوە کڵپەکان دەبینم بەربنە بەلەمێکی بچووکەوە: کەڕادەکەم لەبەربادا گڤەمدێ، هەستدەکەم ئەو لەتەنیشتم وەکو باڵێکی شکاو بەلادادێ.